# ژنانی تابلۆ

**نەجات روستی**

najatrosty@yahoo.com

**لەتەواوی بوارەکانی ژیانی رۆژانەاندا، بەشێوەیەك لە شێوەکانی ژنان هاوبەشی ژیانی بەردەوامن، بەتایبەتی لەروی چالاکیە جڤاکیی ورۆشنبیرییەکاندا, کارکردن وداهێنانیش بەندە بەبوونی هەردوو رەگەز کە تەواوکەری ژیاری کوردە وارین، پیاودا هێنەرەر بووە ,ژانیش زیاتر لەپناو چونکە تەواوی پەروەردەی نەوەکانی ئایندە بەرێژێکی زۆر بەرهەمی ئەوانە، ئەمە راستییێکە هەموو پیاوێك هەستی پی دەکات، ئەگەر ئاورێکی خێرا لە رابردوو بدینەوە، هەڵبەتە لەبوارە رۆشنبیری و سیاسیەکان، ناوی چەندین ژنی بەتواناو داهێنەر دەبین، کە کۆمەڵ، شانازییان پێوە دەکات , هەمووکاتێك لەئیمە بۆمان هەیە، بەو ژنانە بنازین کەبونیان هەیەو بە هەوڵ و کۆششی خۆیان گەیشتوونەتە ئەو ئاستە کەببنە جێگای شانازی. هەڵبەتە وێنەی ئەو ژنانە هەمیشە وەك تابلۆییەك لە شوێنە گشتی و ناوەندە سیاسی و رۆشنبیریەکان، بەر چاومان دەکەون، لەوانە نمونەی چەندین شێرژنمان هەیە کە ناویان لەمێژوودا دەدرەوشێتەوە، لەئایندەش دا ئەوانەی کە ئێستا لە بوارە جیاجیا کاندا کاردەکەن و چالاك و بوێرانە لە پێناو مافە کانی خەلك بەرژەوەندییوکانی خویان وەلا ناوە ، لاپەرە زێرینەکانی مێژوو لە خۆیان دەگرن و تاهەتایە دەبنە سمبولی بەرخودانی ژنانی کورد، ئەوەی کە دەمەوی لەم بابەتە لەسەری بدوێم و بەچەند دێرێك باسی لیوە بکەم بوونی هەندی ژنەکە لە دەزگاو ناوەندەکاندا کاردەکەن بە تایبەت ئەوانەی لە پۆستی باڵا و سەرکردایەتی رێکخراو و ناوەندە مەدەنییەکان دان، مخابن کەنەك جێگای ئەوژنانەیان نەگرتووە لە پشتر باسم کرد بەڵکو ئەمانەنە وایانکردووە کەپیاو بەچاوێکی تر سەیری ژنان و کارەکانیان بکەن, چونکە ئەوانە بەشێوەیەکی نارەواو بەماڤی خۆیان نەگەیشتونەتە ئەوشوێنانە, بۆییە هەمیشە خۆشیان بەگومانەوە لە خۆیان دەڕوانن، هەرگیز باوەریان بەکارو چالاکیەکیەکانی خۆیان نی یە زۆرجاریش ئەو هەستەویان لێ دەکات کەکەسێکی پارێزکار بن, بۆبەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیان، کاربکەن ,خۆیان لەیاد بچی کە بۆچی لەو شوێنە دانراون کە کارکردنە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە لەووتەی مرۆڤ هەیە لەپێناوی هەوڵ ئەدات، لەهەمان کاتیش دا.**

**ئەم ژنانە گۆرانێکی سەیردە گۆرەێن، وایان لێ دەگۆری کەئەوان بەهەوڵ و کۆششی خۆیان لەو شوێنە کەکاردەکەن هەندێکیشیان رەنگە گالتەیان بەو قسانەبێت کەباس لەماڤی ژنان دەکات . ئەو ژنانەی کە باسیان لیوە دەکەم هەندێکیان کە ئەتوانم بڵێم رێژەیەکی هەرەزۆری ئەو ژنانەن تەنها بۆ ئەوە دانراون کە بلێن خەباتەکەمان هاوبەشە لە ژنان و پیاوان، جارجاریش لەکۆرکۆبونەوەکان دەردەکەون کە وەك تابلویەك دانراون نوقە لەدەمیان ناهێتە دەری، ناهەقیان ناگرین چونکە ئەوانە لە نەبوونی یەوە بوونەتە شت .**

**دەڵێن لەیەکێك لە لادی یەکانی کوردستان ساڵانی زوو گوندێك مەلای مزگەوتیان نەبوو چەند هەوڵیان دا کە مەلایەك پەیدا بکەن بێ هوودە بوو. خەلکی لاودیەکەش لایان شەرم بوو بڵێین مەلامان نی یە. ناویان لەکەڵەشێر نا مەلا نەسرالدین. ئەوناوەندو دەزگا سیاسیەکاننیش ژنی کاروچالاکیان نی یە یان نەیانهێشتوە دەرکەون , نەیان توانیووە کۆمەڵی ژنی لهاتوو پەروە دە بکەن بیانهێنە نیوو دەزگاکان. بۆیە پەنا بۆ ژنانی ناکارامە دەبەن و دەیان هێن و بەزۆری لەهەڵبژاردنەکان خۆیان پێ هەڵدەبژێن و لەکاتی دەنگدانیش دەکرێتە مەرج کە دەبی رێژەیەکی ژنانی تیدا بێت. بۆیە لە زۆربەی ئەو هەڵبژاردنانە ئەوژنانەی کە خۆیان هەڵبژادوە دەروەچن و ماڤی کەسی تریش**

دەخۆن , بۆیە لە دوای دەست بەکاربوونیان، ناتوانن ئەو پەیامەی کە رێکخراوەکە یان دەزگایەکە هەیەتی بیگەینن، بۆیە دەزگایەکە تووشی ئیفجی دەبێت...

دیارە ئەم ژنانە ناوەندە سیاسیەکانشی گرتۆتەوە حزب بۆ دانانی ژنێك بەمیکرۆسکۆپ بەدوای ژنانی لهاتوو دەگەڕی بەلام بە مەرج دەبیٚ ژنی مەسئول یا خزم یان تەکەتولبێت لە هینی بەرامبەر نەبێت .بەڵام ئەو ژنانەی کە کارامەن ناکەونە ژێر میکرۆسکۆپەکانە کە سەدان ژنی بەتواناو شایستە هەن، لەهەمان کاتیش دەسەڵاتی کوردی بە تایبەتی ئەو پارتانەی کە لە حکومەت بەشدارن، لەجیاتی ئەوەی کە لەدووره چاودێری چالاکیە مەدنی یەکانی ژنانیان کردبیٚ. بەتەلەفۆن ژنان ئاگاداردەکەنەوە کە ناویان بۆ وەزیریان ئەندام پەرلەمان دەرچووە بیٚ ئەوەی کە پێشتر ئاگادار بکرێنەوە چونکە تادواساتی بڕیاندانیش قابیلی گۆڕینن بۆیە ئاگاداریان نەکردوونەتەوە. ئەوانەی کە بۆ ئەندام پەرلەمان دانراون لە هەردوو پەرلەمانی عیراق کوردستان ژنی واهەیە ئەلی سوێندی خواردووە قسەیەك نەکات . تەنها وەك تابلۆیەك لەسەر کورسیەکە دادەنیشیٚ و جارجارەش باوشکی خەودەیباتەوە. بەڵام ئەترسی بخەویٚ لە ترسی زومی کامیراکانی رۆژنامەنوسان . کچێکی ئەندام پەرلەمان کە یەکەم جار بوو شەکری بشکێنی لە چاو پێکەوتنێکی رۆژنامەنوسی ووتی موچەکەم 4 ملیۆن دینارە بەسەرەوەییە بەشم ناکات کەمە , ئەی ئەگەر توو ئەو موچەت بەش ناکات، ئەی ژنە پاشماویەکانی ئەنفال چون بیوژنانەکەیان بەش دەکات کە زۆرترینان ناگاتە 75 هەزار دیناری بریمەر بەکۆڵی منداڵەوە, ئەی کچێکی زانکۆ کە دەردەچیٚ چون موچەکەی بەش دەکات کە ناگاتە 100دۆلار . ناهەقت ناگرین چونکە تۆو نوێنەری ئەوان نیت نوێنەری چەند کەسێکی کەلە پەنجەی دەست تێپەرناکات تۆیان لەویٚ داناوە. بۆموچەکەی خۆت قسەت هەیە. بەڵام بۆماڤی گشتی نوقەت لێوە نایەت تۆ ژنێکی وەك تابلۆ, لە تابلۆکانی روستم ئاغا لە بەدیوارە هەڵواسراوی پێمنالێن چ جیاوازیکتان هەییە؟